# ســــــــاتیره هـــــــــــەواڵ

سەردار عەبدوڵڵا
sardar@telia.com

هەڵمەتی بە عەلمانی کردنی کۆمەڵ
لە هەڵمەتێکی مەردانەدا، بۆ بەسەرکردنەوەی کەرەعەشایەرەکانی ناوچەجۆربەجۆرەکان؛ ستافی ڕێکخراوی بە عەلمانیکردنی کۆمەڵی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و شئونی دینی، لەسەر بودجەی مەلاو مجێورەکانی سەر بەهەمان وەزارەت؛ هەستان بە گەشتێکی بەرفراوان بۆ لای پیاوماقوڵان و کەرەعەشایەرەکانی ناوچە جۆربەجۆرەکان. ئەم هەڵمەتەش هەنگاوێکی بەپێز (وەک ئاردی بایەعیەکە) بوو لە راستای بە عەلمانی کردنی کۆمەڵگەدا. ئەوەی شایانی پیاهەڵدانە! ستافی ڕێکخراوی خۆشەویست خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و سوپاسی عەشایەرە خۆشەویستەکانی کرد لە ڕۆڵی گرنگیان لە بە عەلمانیکردنی کۆمەڵ و پاراستنی ئەو هەموو دابو و نەریتە کۆنانە بۆ رۆژێکی تەنگانەی وەک ئەمڕۆ، چونکە ئەم داب ونەریتانە لە هیچ مەتحەفێکدا دەستناکەون. ستافە عەلمانییەکە بەڵێنی پێدان کە هاوکاری زیاتریان بکات و دەوراتی تەقوییەیان بۆ بکاتەوە و لە هەرعەشیرەتێکیش چەند کەسێکیان بە زەمالەت بنێرێت بۆ قرخستان. ئەوەی جێگەی قسەی خۆمانە؛ دوای بڵاوبوونەوەی خەبەرەکە چەندین عەلمانی لە ڕێکخراوی ناوبراو ئیلتیحاقی کرد بە کۆنفیدراسیوێنی کەرە عەشایەرە خۆشەوێستەکانەوە.
دووبارە، ئەوەی شایانی باسە ئەم گەشتە تاکو ئێستا بەسەرکەوتووترین گەشت دادەنرێت بەدوای گەشتە فەزائییەکەی شالێنجەر و کۆلۆمبیا بۆ عاسمان.

قەیران و گرانی بازاڕ:
پاش مشت و مڕێکی زۆر بۆ تێگەشتن لە هۆیەکانی گرانی بازاڕ؛ ئابووری ناسەکانی سەر بە حکومەت بۆ ماوەی هەفتەیەک چونە خەڵوەتەوە، تاکو بە شێوەیەکی زانستی ؛ بە پشتبەستن بە تازەترین تیۆرییە ئابوورییەکا ن هۆی گرانی بازار بۆ جەماهیر لێک بدەنەوە، لە ئاخیردا گەشتنە ئەو بڕیارە زانستییەی کە گوایە( زەمیر) نەماوە بۆیە بازاڕ وا خراپی بەسەرهاتووە.
چەند هەواڵێکی وەرزشی:
بەیەکگەشتنی تیپی یاایهاالذین و ناسکۆڵەونازەنینە:
تیپی فت بۆڵی یاایهاالذینە و ناسکۆڵەونازەنینە بە نیازی بەیەکگەشتن بوون بۆ ئەنجامدانی یارییەکی خۆش و بەلەزەت، یاریزانەکانی تیپی یاایهاالذینە لە بەرگی فانیلەی سپی و دەرپێی سەرخەرمانییدا بوون و هەمووش سمێڵیان چوزبوو و ریشێکی باینجانی دوو قولانجیشیان لێبەردابووەوە، پێش وەخت یاریزانە موجاهیدەکان خۆیان کرد بە نێو گۆرەپانەکەدا؛ بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی تیپی بەرانبەر بکەن دەستیانکرد بە خوێندنی ئایەتەلکورسی خۆیان و بەرزبوونەوەی دەنگی دەف و حی اللە لە نێو تەماشاکەرەکانیانەوە؛ ئەمەش وای لە یاریزانە دڵ ناسکەکانی تیپی ناسکۆڵەونازەنینەکرد کە لە سەرەتاوە یارییەکەیان لە بەرچاوبکەوێت و نەیەنە نێو

گۆڕەپانەکەوە، چۆن هاتبوون ئاواش بە هەمان پاس بگەڕێنەوە بۆ ئۆفیسەکەی خۆیان، بەڵام تێپی بەرانبەر خۆیان بە براوە دایە شمشێر(ببوورن دایە قەڵەم) و لە خۆشی سەرکەوتنەکەش راهینەری تیپەکەیان ۱۰۰ تەزبیح لا الاهە الی اللە ی کرد بە خێر!

تیپی الحسود و لایسود دڵی تیپی امر بالمعرف دەڕنجێنێ:

لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی هەردوو تیپی الحسود و لایسود و امربالمعرف؛ لە یاریگەی نێودەوڵەتی اللەاکبر؛ الحسود و لایسود بە شوتێکی خواوەکیلی لە تیپی امر بالمعرفی بردەوە، پاشان راهینەری تیپی دۆڕاو بە هەردوو کەناڵی الجزیرە و اقرأی راگەیاند کە ئەوان دڵیان بە تەواویی لە تیپی بەرانبەر رەنجاوە و لە خانەی کافران و مونافیقاندا حسابیان بۆ دەکەن؛ چونکە هەرگیز روونەداوە لە تەئریخدا کە موسڵمان گۆڵ لە برای موسڵمانی خۆی بکات!